جیرۆکی ژیانم

بەهۆی ئەو تەلەفۆنەوە ئاشنایەتیمان لەگەڵ کابرا پەیدا کرد. ئەو بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەکردین و هەواڵی دەپرسین، ناوە ناوە دیاری بۆ دەناردین و منەتباری ئێمە بوو. جارێکیان بەسەردان هاتەوە ولات، ئێمە ئاگامان لێی نەبوو. رۆژێکیان تەلەفۆنی بۆ کردم و پێیراگەیاندم کە لە کوردستانەو دەیەوێ سەردانمان بکات. راستیەکەی من هیچ شتێکم لەبەرانبەر ئەو لە دڵدا نەمابوو، چونکە ئەوەندە پاکانەی کردبوو، ئەوەندە تەلەفۆنی بۆ کردبووین و هەواڵی پرسیبووین، ئەوەندە نامەو دیاری بۆ رەوانە کردبووینەوە وەکو ناسیارو خزمان لێهاتبوو، دواییش وەک خۆی گوتەنی قەرزەکەی دابوینەوە، بۆیە زۆر بە ئاسایی فەرموو لێکرد. ئێوارەکەی زەنگی دەرگە لێدراو میوانمان هاتن، پیرەمێردو کوڕەکەی بەیەکەوە هاتبوون. لە سیماو روخساریدا زۆر پاک و راستگۆ دەهاتە بەرچاوان، راستیەکەشی هەروابوو، مرۆڤێکی شەرمن و کەمدوو بوو. خۆی لە کاری دیتران هەڵنەدەقورتاند. ئێمە ناسیاوێکمان لەو وڵاتەدا دەژیا کە ئەوی تێدابوو. سەبارەت بەو کەسە پرسیارمان لێکرد، ئەو هەندێک زانیاری لەسەر هەبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی نەکرد، تەنیا گوتی : ئەگەر تۆ بتەوێ کە چوومەوە سۆراخی دەکەم و لێیدەکۆڵمەوە !

ئەو ناسیاوە خوازبێنی کچێکی منی کردبوو، کاتێ لە کوردستان بوو کوڕێکی بەڕیزو قسەخۆش بوو، لە خێزانیکی نیشتمانپەروەر و ناسراو گەورەبوو، بارهێنرابوو، ئێمە نیازمان نەبوو رەتی بکەینەوە. بەوهۆیەوە ئێمە سەبارەت بە ژیانی ئەوروپا پرسیاری زۆرمان لێکرد، ئەو بە ئاسایی وەڵامی دەدانەوە، ئەو دەیگوت: ئەگەر مرۆڤ خۆی لێتەگۆڕی و بەدوای کارکردندا بگەڕێ و ئەوانەی کوردستانی لەبیر بمێنی، دەتوانێ شتی باش بکات و سەرمایەیکی باش کۆ بکاتەوەو داهاتوو مستۆگەربکات و بحەسێتەوە، بەڵام ئەگەر تامەزرۆیانە لە ئەورۆپا بە دوای ئەملاو ئەولادا بگەڕی مایە پووچ دەبێ و بزر دەبێ ! ئەو دەیگوت : من هیچ شەرمم پێنیە، راشکاوانە دەڵێم لەوێ کرێکاری دەکەم،

ئەو ماوەیەی کە ئەو کابرایە لە کوردستان بوو، ناسیاوەکەشمان هاتەوە، ئیدی هاتن و شەکراویان خواردەوەو مارەییان برا و بوون بە دەستگیران.

ئێمە باسی ئەو دۆستەمان بۆکرد، بەڵام زاواکەمان نەیدەناسی. ئەو بە شێوازێکی جیاواز لە دۆستەکەمان باسی بەهەشتی ئەورۆپای دەکردین، ئەو وای پێشان دەدا کە لە کۆمپانیایێکی گەورەدا فەرمانبەرەو زمانەکەی فولە. ئەو دەیگوت: من ئامادەنیم تێکەڵاوی هەموو کەس بکەم، تەنیا هەندێ ئیتالی و ئەفغانی لە کۆمپانیاکەدا هاوکارمن، تەنیا تێکەڵاوی ئەوان دەکەم، بەوهۆیەشەوە سەرم حەساوەیەو لە کێشەو دمکەدمکی کورد رزگارم بووە.

رۆژێکیان زاواکەمان دەعوەت کردبوو، من بەباشم زانی کە دۆستە تازەکەشمان دەعوەت بکەین و بە یەکتریان بناسێنین، بەڵام کچەکەم پێی باش نەبوو، ئیدی منیش وازم لێهێنا.

ئەو ماوەیەی کە زاواکەمان و دۆستە تازەکەمان لە کوردستان بوون، زوو زوو تەلەفۆنیان بۆ دەکردین و سەردانیان دەکردین، زاواکەمان بە ئاسایی دەچووە مااڵمان و ببووە کوڕی مااڵەوە، دۆستەکەشمان دەهاتە دوکان و لەلای من دادەنیشت. من کە هەردووکیانم لە تای تەرازوو دادەنا، سەیرم دەکرد دۆستەکەم زۆر لە زاواکەم گران و سەنگینترە. زاواکەم کوڕی بنەماڵەیەکی ناسراو و دەوڵەمەندبوو بە پارەی خۆی گەیشتبووە ئەورۆپا، کەچی دۆستەکەم کوڕی بنەماڵەیەکی هەژارو بە دزیکردن گەیشتبووە ئەورووپا، وێڕای هەموو ئەوانەشەوە لێکدانەوەی دۆستەکەم زۆر لەهی زاواکەم واقیعیتر و راستتر دەهاتنە بەرچاوان.

دۆستەکەم خۆی هەڵنەدەکێشا، باسی بەهەشتی ئەورۆپای نەدەکرد، لاف و گەزافی لێنەدەدا، کەچی زاواکەم زۆر لەخۆی رازی بوو، گرانفرۆش بوو، شانازی بە ئەورۆپا دەکردو لافی پێلێدەدا. من زۆرم حەز دەکرد هەردووکیان بەیەکەوە کۆ بکەمەوەو بەیەکتریان بناسێنم، بەڵام زاواکەم ئامادە نەبوو لەگەڵ کەسێک دابنیشێ کە دزی لەمن کردووەو بە پارەی من گەیشتۆتە ئەورووپا، ئەو داوای لێدەکردین کە یان بە گرتنی بدەین یان پێوەندی خۆمانی لەگەڵ بپچڕێنین، من هەرگیز پێشنیارەکانی ئەوم وەرنەدەگرت، راشکاوانە رەتم دەکردەوە. زۆریشم لا ناخۆشبوو کە کچەکەم نهێنی دۆستەکەمی بۆ ئاشکرا کردبوو کە سەیارەی لێمان دزیووەو پێ چۆتە ئەورووپا، چونکە بە زیادەوە قەرزەکەی خۆی دابۆوە، لە رووی نەداری و نەبوونیەوە ئەنجامی دابوو، من هیچم لە دڵدا نەمابوو، تەنانەت زۆر جاران کە بیرم دەکردەوە بە ناسینی سەرفراز دەبووم، مرۆڤێکی تێگەیشتوو، راستگۆ، داوێن پاک بوو .

دۆستەکەم گەڕایەوە ئەورووپا، زاوا و کچەکشم زەماوەندیان کرد، ئیتر هەردووکیان بەیەکەوە چوونە تورکیا، ماوەیەک لەوێ مانەوە، دواتر کچەکەم گەڕایەوە کوردستان و زاواکەشم بەرەو ئەورووپا رۆیشتەوە.

چاوەڕوانی سەخت و ناخۆشە، کچەکەم چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد، زوو زوو تەلەفۆنی بۆ شووەکەی دەکرد، بە دەگمەن ئەو تەلەفۆنی بۆ دەکردین، هەمیشە بە بیانۆی سەرقاڵی و کارکردنەوە خۆی دەشاردەوە، کەچی دۆستەکەم زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکردین، دیاری و نامەی بۆ دەناردینەوە، هەمیشە بە دایە و بابە ناوی ئێمەی دەهێنا، بە چاوی خوشک لە کچەکانی منی دەڕوانی، لەسەر دیاریەکاندا وشەی بەڕێز دایەو بابەو خوشکەکانمی دەنووسی، بەوهۆیەوە خۆشەویستی زیادی دەکرد. من بۆ خۆم ئەوم لە زاواکەم خۆشتر دەویست، زۆر جاران هاوسەرەکەم دەیگوت: فەخرەدین باوەڕت هەبێ ئەو کابرایەم بەقەد جگەرگۆشەیەکی خۆم خۆشدەوێ، زۆر گران و سەنگینە، زۆر ڕێزدارو راستگۆو بەوەفایە، سەیر بکە ئێمە هێندە رووی پێنادەین کەچی ئەو بەردەوام تەلەفۆنمان بۆ دەکات و دیاریمان بۆ رەوانە دەکاتەوەو خۆیشی بە منەتبارو قەرزاری ئێمە دەزانێ.

نزیکەی شەش مانگ بەم شێوەیە گوزەرا، سەرەنجام کچەکەم ناوی هاتەوەو بەرەو ئەورووپا رۆیشت. هێشتا مانگێک تێپەڕی نەکردبوو، هەستم بە پەشیمان بوونەوەی کچەکەم کرد، ئەو لە تەلەفۆندا هەندێ راستی بۆ دایکی درکاندبوو. من لە ڕێگەی دایکیەوە هەستم پێکردبوو. رۆژێکیان دۆستەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم، من داوام لێکرد کە سۆراخی زاواکەمان بپرسێ و بزانێ چ کارەیە. ئەو بەرفەرمان بوو، گوتی :" تۆ کارێکت بەمن هەبێ، بەچاوان جێبەجێی دەکەم، من لە خوام دەویست رۆژێک تۆ کارێکم پێبسپێریت و منیش ئەنجامی بدەم"

دوو سێ هەفتەی پێچوو، تەلەفۆنی بۆ کردم و هەندێ زانیاری پێدام، لە جێگەی خۆمەوە تاسام، دەمزانی درۆ ناکات، بەڵام حەزم نەدەکرد قسەکانی راست بن. هەر ئەو تەلەفۆنەکەی داخستەوە، من تەلەفۆنم بۆ کچەکەم کرد، زانیاریەکانم پێگوت، ئەو دەستی بە گریان کرد و سەرڕاستی کردنەوە، ئەو زۆر پەشیمان ببۆوە، دەیویست رزگاریی ببێ و بۆ کوردستان بگەڕێتەوە. من نەمدەویست لەیەکەمین هەنگاوی ژیانیدا شکست بخوات، داوام لێکرد دان بەخۆیدا بگرێ و هەوڵی چاکردنی بدات. کچەکەم زۆر نائومێد بوو، باسی هەوڵە ناکامەکانی خۆی دەکرد، تەواو لە ژیان بێزار بوو، کەچی دیسانیشەوە دەبوایە هەوڵی دیکە بدات و کار بۆ چاککردنەوەی شووەکەی بکات.

ئێمە لە کوردستان لەنێو ئازار و ژاندا دەتلاینەوە، کچەکەشمان دووچاری ژیانێکی خۆی هاتبوو ، ئەو رقی لە پیاوی درۆزن و فێڵباز و سەرخۆش و قاچاغچی دەبۆوە، کەچی دووچاری کەسێکی لەم بابەتە هاتبوو. کچەکەم نیازی هەڵاتنی هەبوو، بەڵام مێردەکەی پەساپۆرتەکەی لێشاردبۆوە، ئەویش زمانی نەدەزانی، بە تەنیا لە ماڵەوە جێی دەهێشت و تا درەنگی شەو نەدەگەڕایەوە. سەرەنجام ژمارە تەلەفۆنی دۆستەکەم بە کچەکەم دا و داوام لێکرد کە ە تەلەفۆنی بۆ بکات .

کچەکەم بەڵێنی دابوو کە دواییn قسە لەگەڵ مێردەکەی بکات، یان واز لە ڕەفتارو کردەوەکانی خۆی بهێنێ یان واز لەو بهێنێ و ڕەوانەی کوردستانی بکاتەوە، بەڵام ئەو گاڵتەی پێکردبوو، بۆیە تەلەفۆنی بۆ دۆستەکەمان کردبوو، ئەویش پیاوانە بە هاواریەوە چووبوو، پۆلیسی ئاگادار کردبۆوە. پۆلیس کچەکەمیان لە دەستی ئەو تاوانبار رزگارکردبوو.

دۆستەکەم تەلەفۆنی بۆ کردین و پێیڕاگەیاندین کە ئێستا هەردووکیان لە پۆلیسن، دەیانەوێ ڕەوانەی ئۆردووگای بکەن، بەڵام ئەگەر پێتان باش بێ من دەیبەمە شارەکەی خۆمان یان ماڵەکەی خۆمی بۆ جێدەهێڵم و تێیدا بژی یان دەیبەمە لای ژنێکی کورد کە بە تەنیا لەگەڵ منداڵەکانیدا دەژی. من پێمباشبوو کە بیباتە ماڵەکەی خۆی، چونکە لە ڕاستی و داوێن پاکی ئەو دڵنیابووم.

دۆستەکەم پیاوەتی دیکەی لەگەڵدا کردم، ماڵەکەی خۆی بۆ کچەکەم جێهێشت،، خۆیشی چووە لای برادەرێکی. ماوەی مانگێک بەو شێوەیە گوزەرا، ئەوسا لە ڕێگەی پۆلیسەوە پەساپۆرتەکەیان لێوەرگرتەوە، دۆستەکەم بلیتی بۆ کری و لەگەڵ خۆیدا بۆ کوردستان هێنایەوە.

جەرگسۆزم بۆ پەیدا دەبێ

بەشی سێیەم و کۆتایی

فەخرەدین عەلی

پەپولە بەردباران ئەکرێ؟

ئاخۆ ڕۆژگار چی بەسەر هاتبێ؟ وا ناسکییەکان دەمرن و هەستەکان دەخنکێندرێن و پەپولەکان شەهید دەکرێن.....!!! چییە ئەم ڕۆژگارە بۆ وای بەسەر هاتووە؟ بۆ باڵی ڕەشی تاوان ئاسمانی ڕۆح و ناخی ئەم مرۆڤانەی داگیر کردووە؟ چییە خودایە؟ ئەمەش دیاردەی ئاخیر زەمانە؟ ئەی خودایە چۆن ڕێگات بەو پەنجانە دا ئەو بەردە ڕەقانە بە جەستەی ناسکی پەپولەیەکدا بکێشن؟ ئاخر چۆن؟ سەرم سوڕماوە، نازانم چی بنوسم، نازانم چۆن بدوێم، سەرم لێ شێواوە.....من سەر دەرناکەم لەم نەگریسیە، تێ ناگەم لەم ڕەشپۆشییەی دڵی مرۆڤ و لەم بێ ویژدانییە. ئاخر ئەی یەزدان، تۆ بەردت بۆ ڕەسخ کردنی شەیتان دروست کردووە؟ یان بۆ شەهید کردنی فریشتەکان؟ ئەی هاوار....بەم پرسیارانەوە ڕو لە کوێ کەم؟ چی لەم دیمەنە دڵتەزێنەی بەرچاوم کەم؟ هەر کە دییەکانم هەڵدێنم، بلوسە سورەکەی دەبینم کە وێنەی گوڵاڵە سورەیەکی سەر چیاکانی کوردستانی پێ بەخشی بو، پرچە ڕەشەکەی دێتە بەرچاوانم، کە بە خەمناکی شەوەزەنگ دەچوو، ئای دوعا گیان.....ئێستا چۆن دوعا بکەم تا شیوەنیەتی، بۆ تۆ دەگری. ئای دوعا گیان...تۆ ئێستا هەر پەپولەیت، لەسەر دەستی فریشتەیەک سەما ئەکەی، ئەبێتە مانگەشەوی ئاسمانی ئەوین و بە ڕۆحی عاشقانا گوزەر ئەکەی....جوانی و ناسکی بۆ تۆ و نەمری بۆ تۆ و، ڕووڕەشیش بۆ وەحشەکانی سەر زەمین، سەرشۆڕی بۆ زوحاکەکانی بەهار. سەفەرت خێر ، سەفەرت خێر ئەی چرا شەهیدەکەی ئەوین، سەفەرت خێر، دڵنیابە گوڵم من و تۆی کێژ ئا لەم وڵاتە و لەم دونیا جەنگەڵ ئاسایە جێمان نابێتەوە، من و تۆ هەر لە سەرەتای ژیانمانەوە دەبێ چاوەڕوانی مەرگ بکەین و مەرگ بکەینە دەستگیرانمان.... هەنسکەکەم خۆ بۆ شێخی سەنعان ئاسایی بو، بۆ کچە گاوڕێ لە ئیسلام وەرەگەڕێ، ئەوا هەر پیاوێشە ئێستا بە فەخرەوە شیعری بۆ دەڵێ، بەڵام بۆ من و تۆ نابێ، عیشقمان دەبێ مەرگی خۆمانی بەدوا بێ. سەفەرت خێر ئازیزەکەم، تۆ هەنوک لەو دونیایەدای کە شایەنی خۆتە، تۆ ئێستا لە بەهەشتای، فریشتە دەتخەوێنێ، تریفەی مانگ پرچت دادێنێ، گزنگی خۆر بە نەرمە ماچ بە ئاگات دێنێ.

دوعاکانت گیرا بن؟ لەگەڵ ڕۆشتنت، لەگەڵ ئەم سەفەرەت، دوعاش واتای نەما، شەهید بونت دوعاکانایشی شەهید کرد.....چیت بۆ بنوسم گوڵاڵە سورەی ئەم بەهارە ڕەشە؟ چیت بۆ بنوسم؟ وشەش ئەمڕۆ زویر بووە، گریانی دێ، ڕازی نییە دەستی سەڕۆ و دێرەکانی ناخم بگرێ. ئای دوعا گیان، ئەوا ئەمشەو لەگەڵ نوسینەوەی ئەم وشە بێزارانەدا، ئازارێکی ئاوها یەخەی گرتوم، کە بە وشە نادرکێندرێ، بە پەڕۆیەکی سووری خوێن ئاسات، توند توند ناوچەوانم بەستووە، زۆر ڕقم لەم ناوچەوانەم دەبێتەوە، چونکە منیش کچم، ناوچەوانی من و تۆ تەنها نەهامەتی لێ نوسراوە ئازیزەکەم، ناوچەوانی من و تۆ تەنها بۆ تفی بۆگەنی پیاو و شەیتان دانراوە، وا ئەزانن جەستە ناسکەکەی ئێمە، بۆ بەردی دەستی خوێناوی ئەوان دروست کراوە...نەفەرەت لەم ناوچەوانەمان ئەی پەپولە شەهیدەکەی ئەوین، بەخوا بڕوات هەبێت شاشەهیدی ناسکییەکان، لە ڕوم نایە ناوی عیشق بێنم، من هەر وتومە عیشق ژیانە، عیشق خۆشی و شادییەکانە، کەچی عیشق بوە شەهید بونی گوڵێکی وەک تۆ، من دڵنیام ئێستا عیشقیش هیچ خەم مەخۆ ئازیزی من، ڕۆژێ دادێ بەرد خۆی هار بێ و لە دەستە پیسەکانی ئەو نەفس نزمانە بێزار بێ و، تۆڵەی تۆیان لێ بسەنێ، دڵنیابە شاناسکی بەهار، پەنجە بۆ خۆی سڵ لە دەستیان ئەکاتەوە و یەک بە یەکیان خۆی لە قەدی ڕزیوی دەستیان ئەوەرێنێ. مەترسە دەڵالا من، هیچ کات بیر لە زەمین و ژین نەکەیتەوە، بۆ خۆت هەر بە ئاسمانی بەرینداً بفڕە و لەگەڵ ئەستێرەدا گەمە بکە و تەنها بەرگی خەندە لەبەر خۆت کە. ئای دوعا گیان، سڵاو لەو ڕۆحە پاک و بێ گەردەت، هەزار ڕەحمەت لەو جەستە ناسک و نێرگزییەت، هەزار سڵاو گوڵاڵە گیان هەزار سڵاو لەو دڵە پڕ عیشق و ترس و حەسرەتە. چیتر بنوسم؟ چیترت بۆ بنوسم دوعا گیان؟ هەرچی ئەکەم وشەکانی ناخم نایەنە گۆ و چاویان کردوە بە زریان...بۆ کوێ بڕۆم؟ ڕو لە کوێ کەم؟ پرسیارەکان خەریکە ڕۆح و دڵم لەت لەت دەکەن. خۆ من ناشتوانم دوعا بکەم یەزدان مەرگ بێنێرێتە بەر قاپی ڕۆحم، تازە دوعا سەفەری کرد هاوشانی مەرگت، بەڵام ئەبێت هەر لەو شوێنەیەی جەستەی تۆیان کردە پەیکەری مەرگ، پەیکەری عیشق دروست بکرێ، لە هەمو جیهان هەر باس بکرێ، ئەبێت ئەم کوشتنی دوعایە لە لایەن نەوەکانی داهاتوشمان ڕسوا بکرێ. ئەمە چ سەدەیەکە؟ چ ڕۆژگارێکە؟ دە یەکێ بێت و وەڵامم بداتەوە، با کەسێ بێ و ڕۆحی من و هەزاران دوعا ژیر کاتەوە.....پێمان بڵێن چۆن فریشتە ڕەسخ ئەکرێ؟ چۆن حۆرییەک شەهید ئەکرێ؟ پێمان بڵێن، بە چ شەرعێ عیشق حەرام دەکرێ؟ چۆن پەپولە بەردباران دەکرێ؟ چۆن دوعایەک لە خوێن ئەپرژێندرێ؟ چۆن دوعایەک لە جەنگی عیشقێکی بێ وێنە، بە دەستی پیسی جەللاد شەهید دەکرێ؟؟؟؟

تێبینی: من وەک کچە کوردێک لە ناخی حەسرەتبارمەوە ئەم کارە نا مرۆڤایەتییە ڕسوا دەکەم و داوا لە دەستەلاتداران ئەکەم کە لە ناوچەی بەعشیقە و لە شوێنی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا پەیکەرێک بۆ دوعا خان دروست بکرێت بە ناوی پەیکەری دوعای عیشق.